# گوڵە هێرۆکانی پشت

# روحمان

هۆشەنگ

2007/9/28

بۆن





گوڵە هێرۆکان تێکەڵ بە مەمکەکانی یادگاری ئەبن و
من و تۆش وەک دوو کانیلە و .. دوو سنۆبەری دوور
تێکەڵ بە بۆنی ئەو مەمکانە ئەبین و
وەک منالاًن دەم ئەنێین بە لێوی پشکۆکان..
سەختە هەڵزنان بە چێژی ئەم وشانەوە
لەزەتە ئەو ئازارەی لە رۆحمانەوە بەرەو هەبوون
رۆئەچێتە خانە خانەی چیرۆکەکانی عەشق
لەو ئازارە رائەژیێن و بەزەمان و خەڵوەتگەکانی روحمانەوە وەرئەبین
وەرئەبین بە بۆنی گوڵە هێرۆ و دیدەی شەوانێک
کە تروسکایی چاوی شعری تێدا دا ئەگیرسێ
نامەکان ئێستا بۆنی دوور دووری ئێمە لە گەردەن و سینگمانەوە ئەفڕێنن
ئەفڕین و بێ باڵ بە مەستی خەیاڵێکەوە لە جوانی
من بە گومان و سەمای وشنە گەڕۆکەکان

تۆش بە خەزینەی جوانییەکان و شەرمنی خۆشەویستییەکەوە

باڵ ئەگرین لە باخچەیەکدا و

گوڵ ئەگرین لە ئاسمانێکدا..

لەسەر لەرەی دەنگتەوە ئاوازێکی دوور دوور ، نزیک نزیک ئەخەیتەوە رۆحی من

من چیم هەیە .. گوڵە هێرۆ

فانتازیایەک لە مەحەبەت و

نازێک بەبەر پەنچەکانتەوە بکەم

من چیم هەیە لە سەرمایەی شعر و لە بۆنی جێژوانەکان زێتر

من چیم هەیە لە تریفەی شەراپێکی مەست مەست بە بۆنی ترێ

با، لێرەوە رەت ئەبێت و ئەگاتە کۆڵانەکانی روحم

هەتاو، لێرە دەرئەکەوێت و ئەچێتەوە خوێنم

بە عومرێکی درێژەوە لەبەرامبەر برژانگەکانی مندا گۆرانی بۆ خۆت و خۆم و دونیا بڵێ

بەسۆزی حەرفێکی هەوەسبازەوە سەمایەک لەسەر دڵم بکە و

بزانە تۆ لەوێوە ئازادی

لەوێوە ئەتوانی بۆنی گوڵە هێرۆکان تێکەڵ بە خۆم و خۆت کەیت

ئیدی وەرە بمبە بۆ ناو باخی گوڵە هێرۆکان

بمبە لەو گوڵانەوە تەڕ تەڕم کە

لەو گوڵانەوە بزر بزرم کە

با رەنگی گوڵە هێرۆیەک بگرم و لەبەر تریفەی تریفەدا ببریقێمەوە

وامەزانە تریفە تەنیا شەوەکان جوان ئەکات

تریفە رێگە بۆ گوڵە هێرۆکانیش خۆش ئەکات

تا بۆنیان بگەیەننە سەر گەردەن و نێوان مەمکی درەختەکان